
# سواڵكردنی عەلمانیو سواڵكردنی ئاینی

## رامانێك لە سواڵكردن لای ئێمەو ئەوان


**مەجید ساڵح**

Magid1968@yahoo.com


رۆژانــە لــە ســەر ریگاوبــانو لــە ترافیكلایتــەكان و لەبــەردەرگای مزگــەوت وشوێنەگشتیەكانی وەك گەراج وتەنانەت ناو حەمامەكانیشدا لوتمان دەتەقێتەوە بــە لــوتی ئــەو ســواڵكەرانەی كــە ســیمای جیاجیــان هەیــەو لــە هــەموو تەمــەن ورەگەزێكیان تێدایــە. ئــەوان بــە جۆرەها پاڕانــەو دۆعــاونزا لــە هــەوڵی ئــەوەدان بەرامبەرەكانیان قەناعەت پێبهێنن بەزەییان پێیانــدا بێتــەوە (خێرێــك)یان پــێ بكــەن. دیــاردەی ســواڵكردن دیاردەیــەك نییــە بــە نەتەوەیــەك یــان شــارێك بگــرە هەموو ولاتێك هــەژار بێــت یــان دەوڵەمەنــد ســواڵكەری تایبــەت بــە خــۆی هەیــە.




كەســایەتی ســواڵكەر لــە رووی ســایكۆلۆژییەوە كەســایەتییەكی لاوازو نێگەتیڤــەو

تــەنیا ئەوانــە ســواڵ دەكــەن كــەوا لــە بنەڕەتــدا كەســایەتییەكەیان لــە ســەر پشتبەستن بە خەڵكانی تر پێگەیشتووە.

ولاّتــانی رۆژئــاوا وەك چــۆن لــە زۆر شــتدا لــە ئێمــە جیــاوازن، ئــاوا سواڵكەرەكەرەكانــشیان لــە ســواڵكەرەكانمان جیاوازیــان هەیــە. هەڵبــەت بــۆ ئــەو مەســەلەیە گــەلێك هۆكــار هــەن‌و مــن نامــەوێت لێــرەدا باســی هــەمویان بكــەم. پەنابردن بۆ ئاین لای سواڵكەرەكانی ئێمە وەك پەتاییەكی لێهاتووە، بــە جۆرێــك هەموو سواڵكەرێك لــە بەرامبــەر ئــەو بڕەپارەیــەی كــە دەیــدرێتێ چــەندین جــۆر دۆعای خێر بۆ خاوەنەكەی دەكات. ئەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت تا پارەكە زیاتر بێت، جۆر وقــەبارەو دوعاكە درێژترو فۆنــەتیك وتــۆنی دەنگــی ســواڵكەرەكە زیــــاتر دەبێــــت‌و بـــــە پێــچەوانەشەوە تــا كــەمتر بێــت دوعاكــە كــورت تــرو بـــــــەدەنگێكی نـــــــزمتر دەوترێـــت. خـــۆ خوانـــە خواســتە گــەر وتــت "بــڕۆ خــوا بــداتێ" ئــەوا بــەر هەزار نەعلەت دەكەویت.






لای ئێمەش وەك گەلانی تر چەندین نوکتەو قسەی خۆش لە سەر سواڵکەرەکان دەگێڕێنەوە خراپ نییە گەر لێرەدا هەندێکیان باس بکەین..دەگێڕنەوە یەکێگ لە سواڵکەرەکان لەمزگەوتێك لە تەنیشت پیاوێکی دەوڵمەندەوە دەست بۆ ئاسمان درێژ دەکات و لە خوا ئەپاڕێتەوە هەزار دیناری تەبعی پێبدات، کابرای دەوڵەمەندیش 10هەزاریەکی پێدەدات وپێی دەڵێت هەستە بیگرەو برۆ سەرقاڵی مەکە ئیشەکەی من زەروری ترە پێی. هەروەها دەگێڕنەوە کابرایەکی سواڵکەر دەچێتە بەرماڵی دەوڵمەندێکی کوردستان وداوای خێری لێ دەکات. کابراش پێی دەڵێت برۆ خوا بدات. لە وەڵامدا ئەویش دەڵێت رۆشتم، پێی وتم هەمووم داوە بەو، با ئەو پێتی بدات.

جگە لەوانە هەندێك سواڵکەر هەن باس لەوە دەکرێت خاوەن هوتێل وپاس وباڵەخانەی زۆرن، بەلاٌم بە هۆی راهاتن پێیان ناکرێت تەرکی بکەن. زۆر کەسیش سواڵکردن بە سەلامەت ترین و بێ مایەترین کاسپی ناو دەبەن. بەگشتی سواڵکردن لە کاتی کارەساتو جەنگو رووداوە دڵتەزێنەکاندا تەشەنە دەسێنێت. بۆ زیاتر بەزەیی هاتنەوە پێیاندا، ئەوانەی سواڵدەکەن هەوڵدەدەن ئەو ئەندامە ناتەواوەیی خۆیان پیشانی خەڵك بدەنو زۆرجاریش موبالغە بە ناتەواوییەکەوە دەکەن. دیمەنی ژنومنداڵی سواڵکەر زیاتر کاریگەری هەیە لە

سەر(خێرۆمەندان)و لە مانگە پیرۆزەکانی وەك رەمەزان هەم "خێر"کردن زۆر دەبێت وهەمیش ژمارەی "سواڵکەران".



لە سەرەتادا ئیشارەتم بەوەدا سواڵکردنی رۆژئاواییەکان (یان راستتر بڵێم رۆژهەڵاتییەکان لە رۆژئاوا چونکە زۆربەی ئەوانەی لەوێش سواڵ دەکەن رۆژ هەڵاتین) جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەو سواڵکردنەی لای خۆمان باوە. ماوەیەك پێش رێم کەوتە ولاتەکانی هۆڵەنداو سویدو فیلندا، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەو سواڵکەرە زۆرو زەبەندانەبوون کە لە شوێنەگشتیەکاندا هەریەکەو ئامێرێکی مۆزیقای بە دەستەوە بوو ئاوازێکی نەشازی لێدەداو لە بەردەمیدا کلاوێك یان قووتویەکی دانابوو بۆ ئەوەی رێبواران پارەی تێبهاوێن. هەندێك سواڵکەری تر هەبوون هەنگاوێك زیاتر چووبوونە پێشێ‌و بڕوایان بەو شێوازە کۆنە نەمابوو، بۆ ئەوەی لە گەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیادا بگونجێت رووی خۆیان بۆیاخ کردبوو خۆیان کردبوو بە رۆبۆتێك تا پارەی تێنەکەیت ناجوڵێت. لە راستیدا ئەم سواڵکەرە داهێنەرە وەك کورد دەڵێت (ترِی ئەوانی تری برِی بوو) کاسبیەکەیانی مایە پووچ کردبوو کەس نەدەچوو بەلایاندا.

زۆربەی ئەوانەی چیرۆکی "ئۆلیڤەرتویست"یان خوێندوەتەوە کە رووداوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە ئۆروپا، دەزانن کابرایەکی

چاوچنۆك سەدان منداڵی كۆكردوەتەوەو رۆژانە دابەشیان دەكات بە ناو شارداو سواڵیان پێدەكات. ئێستا لە ئۆروپا مافیای تایبەت بە سواڵكردن دروست بووەو ئەو دیاردەیەییان زیندوو كردووەتەوە. بە پێی قسەی هەندێك لەوانەی من چاوپێكەوتنم لە گەڵدا كردن، سواڵكەرەكان وەك جاران لە لایەن خەڵكەوە یارمەتی نادرێن‌و هەموویان بە چاوی ئەو مافیانەوە تەماشا دەكرێن. جگە لە رۆژهەلاتییەكان زۆر لەوانەی لە ئۆروپا سواڵ دەكەن لە ولاتانی كۆمەنیستی جارانەوە هاتوون. شوێنی گشتی نییە لە شارەكانی ستۆكهۆڵم ودەنهاخ وئەمستردام وهلسنكی... سواڵكەری مۆدێرنی تێدا نەبێت. بەلام وەك چۆن سیستەمی حوكمڕانی ئۆروپاییەكان عەلمانییە و ئاین تێكەڵ بە سیاسەت ناكرێت، لەوێش بوونی ئاین ودۆعاو نزا هیچ رۆڵێكی نییەو ئاین تێكەڵ بە سیاسەت ناكرێت.

نوێترین شێوازی سواڵكردن لە لایەن بۆسنییەكانەوە داهێنرابوو، لە زۆربەی شەقامەكانی ستۆكهۆڵمدا دیمەنی ئەو مێرمندالانە سەرنجت رادەكێشێ كەوا ریكۆردەرێكی گەورەیان داناوەو لە ناكاو لە بەردەمتا دەست دەكەن بە سەماكردن‌و چەند كەسێكیشیان قاسە بەناو خەڵك‌و رێبوارانـدا دەگێڕن‌و داوای یارمەتی بۆ مندالانی بۆسنە دەكەن. ئەمانە لە هەموو سواڵكەرەكانی تر زیاتر هاوكاری دەكرێن، چونكە مەبەستێكی خێرخوازانە لە پشت سواڵكردنەكەیانەوەیە. جگە لەوە. هەندێك سواڵی مەعنەوی هەیە كە تەنیا لەو ولاتانە بە دی دەكرێت. بۆ نمونە لە سەنتەری ستۆكهۆڵمدا كەسێك لە بەرامبەر گەرم بوونی ئاووهەوای گۆی زەوی پارچە سەهۆڵێكی گەورەی دانابوو، خۆشی چووبووە پێستی ورچێكی سپی تەوەری باكورو داوای لە خەڵك دەكرد هەڵوێست وەرگرن لە بەرامبەر گەرم بوونی گۆی زەوی.

بە هەر حاڵ سواڵكردن هەر سواڵكردنە، با شێوازو جۆرەكەشی بگۆڕێت. گرنگ ئەوەیە لە هەموو حاڵەتەكاندا ئەوە تۆی پارەت لێدەسێنن‌و ئەوە ئەوانیشن بە بێ هیچ ماندووبوونێك پارەیان دەست دەكەوێت.